هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

ژمارە: ٩/ ٤ / ٨٦١٢ رێکەوت: ٢٧١٧/٧/٢٨ کوردی رێکەوت: ٩ / ٧ / ٢٠١٧زایینی

رێنمایی دارایی ژمارە (١٨)

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە

ب/ هاتووچۆی سەرپەرشتیاران

سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی کرێ ی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی میلاکی وەزارەتتان تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

یەکەم/ خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران لە ناو شارەکان بە بڕی (٧٥ ٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار مانگانە خەرج دەکرێت .

دووەم / خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (بنەڕەتی) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت .

١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ کم) کەمترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٢٠ ٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت .

٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠کم) و زیاترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٣٠ ٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت .

سێ یەم / خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (ئامادەیی) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت .

١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ کم) کەمترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٢٠ ٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت .

٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ تاکو ٥٠ کم) ە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٣٠ ٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت .

٣- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٥٠کم) زیاترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٤٠ ٠٠٠) چل هەزار دینار خەرج دەکرێت .

چوارەم / کرێ ی سەردان خەرج دەکرێت لە سەر بنەمای فەرمانی کارگێری و پەسەند کردنی سەرپەرشتیاری یەکەم بە (مۆر و واژوو) ی خۆی بۆ ئەو قوتابخانانەی کە سەردانی کردوون لە مانگەکەدا و پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدارەوە پەسەند بکرێت .

پێنجەم / خەرجییەکانی سەرەوە بۆ ئەو سەرپەرشتیارانە خەرج دەکرێت کە بە کردەیی (فعلي) سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و ئەوانەی کە سەردانی قوتابخانەکان ناکەن بۆیان خەرج ناکرێت .

شەشەم / لە کاتی پشووی هاوینە دەرماڵەی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران خەرج ناکرێت جگە لەو مانگانەی کە تاقیکردنەوە و وردبینی نمرەکانی تێیدا ئەنجام دەدرێت .

حەفتەم / نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا لە مانگێکدا ژمارەی سەردانەکان لە (١٢) دوانزە سەردان زیاتر بێت کە لە فەرمانی وەزاریتان ژمارە / ١٧٤٢ لە ٢٠١٣/١/٢٧ هاتووە جگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە کە بە فەرمانی تایبەت ئەنجام دەدرێت وەکو :-

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254

٢٠١٧/٧/٢ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

أ- لێژنەی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە .

ب- ئەنجام دانی چالاکی جۆراوجۆر .

ج- هەر سەردانێکی لە ناکاو و کاری پێویست .

هەشتەم/ نابێت لە رۆژێکدا لە (١) یەك سەردان زیاتر هەژمار بکرێت بەڵام دەکرێت سەرپەرشیار سەردانی زیاتر لە یەك قوتابخانە بکات و لەم حاڵەتەدا دوورترین قوتابخانەی بۆ هەژمار دەکرێت لە چوار چێوەی (١) یەك سەردان .

نۆیەم / کار بە هیچ رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە .

دەیەم / ئەم رێنماییە لە بەرواری ٢٠١٧/٦/١ ەوە جێ بەجێ دەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ رێزدا .

رابەر صدیق محمد

بریکاری وەزارەت بەوەکالەت

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س - دیوان/ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی وقایعی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ رێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی دەسپاکی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی راوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ راگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ راپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .